گـۆڤـاری زانـکـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper11

ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١٢/٠٣
ڕێکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# کەلتوری کاریگەری پرۆسەی گۆرانی لەسەر ئاراستەی کارکردنی تیپی مۆسیقای سلێمانی

**دەرون نوری عومەر[١] - ئیحسان شاکر زلزل[٢] - دڵشاد موستەفا ڕەحیم[٣]**

[١]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەغداد، بەغداد، عێراق.

[٣]بەشی فیلمسازی، سکوڵی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Daroon.gbs@gmail.com - Ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq - dilshad.razawa@univsul.edu.iq

## پوختە:

ڕەوتی گۆران لە موزیکدا وابەستی چەند کاریگەرییەکە، کە دەکرێت بە هۆی جیاوازی و جۆری کەلتورەوە جیاوازی لە شێوازی گۆڕاندا و ڕێچکە دروست بکات. لەم توێژینەوەیە[(١)]دا تیشیک دەخەینە سەر هەندێک لایەنی گۆران کە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی موزیک هەیە، و گۆڕانکاریی لە ئاراستەو هەڵبژاردن و دیاریکردنی موزیکدا دەکەن. هەندێک لە ئەو گۆڕانکاریانە دەشێت پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناوخۆی کەلتورەکەوە هەبێت و هەندێکی دیکەش پەیوەندیداربن بە دەرەوەی خودی ئەو کەلتورە، هەڵبەتە زۆرێکیش لەمانە دەبنە ڕێچکەی داهێنان و نوێگەری. لەو کایەیدا وەک نمونە تیپی مۆسقای سلێمانی لە ساڵانی کارکردنیدا لەناو نشاری سلێمانی و چ لە دەوروبەری، شاری سلێمانی لەو کایەیەدا هەوڵی جددیان هەبوە و دەشێت هەوڵەکانیان لەبەردەم شیکاریەکی وردی زانستی باشتر بەدەربکەون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەڕان بە دوای ناساندنی ئەو گۆڕانکاریانە، لەڕوی میدیا و دەسەڵاتی سیاسی و کردنەوەی کەلتور بەڕوی شارەکانی دەوروبەردا، هەروەها پەنجەخستنە سەر ئاستی ئەو گۆڕانکارییانە کە هەتا چەند بونەتە دەستپێشخەر و زەمینەیی لەبار بۆ ئەنجامدانی داهێنان.

**کلیلە وشە:** موزیک، گۆڕان، کاریگەری، تیپی مۆسیقای سلێمانی

## پێشەکی:

ئەگەربە جۆرێک لە جۆرەکان ناساندنێکی کورت بۆ موزیک بکەین، ئەوا دەتوانین بەبێ هیچ گومانێک وەک یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەژماری بکەین. هەر بۆیە موزیک وەک یەکێک لە کایەکانی ناو کەلتور وابەستەی چەند بنەمایەکە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروست کردون. هەروەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەش هەموی دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی گۆڕانکاری و گۆڕان. هەڵبەتە دیاردەیەکە کەڵەکەبوی بەرکەوتنی چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی و دەرەکییە، بەڵام لەناو موزیکدا، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕێژەی گۆڕانکاری، دەکرێت گرنگی بە کۆنتێکست بدەین و خوێندنەوەی تەواوی بۆ بکەین. زۆرێک لەیتنۆموزیکۆلۆجیستەکان بۆ خوێندەوەی کۆنتێکست پەنادەبەن و دەیبیننەوە لەناو یانەی (کات، شوێن، خەڵک)دا دەشێت هەرسێکیان، یاخود یەکێک لەمانە ببنە هۆکاری گۆڕانکاری لەناو پرۆسەی موزیکدا. بەدەر لە گۆڕانی ناوخۆیی لە موزیک و گۆرانی، هەندێک کاریگەری تریش لەسەر گۆڕان هەیە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەسەر پرۆسەکەوە ڕەنگدانەوەی دروست دەکەن، بۆ نمونە گۆڕان لە بواری ئابوری، کاریگەری سیاسەت و بەئاگایی و بێئاگایی، ڕێچکەی ڕامیاری، کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕان دروست دەکەن، هەروەها گۆڕان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر یاخود لە شارێک بۆ شارێکیتر جیاوازی تێدا هەیە. واتە، مەرج نییە پرۆسەی گۆڕان، لە هەمو هەلومەرجێکدا یەک هێز و یەک مەبەستی تێدا بەدیبکەین. دەکرێت باسکردن لە گۆڕان بۆ تێگەیشتن بێت لە دیاریکردن و ناسینی ئەو شتانەی کە هۆکارن بۆ پرۆسەکە. ئەگەر بمانەوێت هەندێک گۆڕان لە ناو کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی دیاریبکەین. ئەوا گومانی تێدا نییە، دەبێت تەواوی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرن لەسەر تیپەکە. لەڕوی کۆمەڵایەتی، و ڕامیاری و میدیایی و گۆڕانی بوارەکانی ڕاگەیاندن و بونی چەند شۆڕش و جەنگێکی ناوخۆی و دەرەکی کاریگەری تەواویان بەسەر ئەم تیپەوە هەبوە. لەپاڵ ئەوانیش، هەندێک لە گۆڕانکارییەکان بە ئاڕاستەی خۆنەوستی ئەندامانی تیپەکە بون. دەشێت گەوڵەکان و گۆڕانی لەناو بەرهەمەکانی ئەم تیپەکە لەم چەند سۆنگەیەوە زیاتر بناسین.

### ١-١ ئامانجی توێژینەوەکە

دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی ڕویداوە. هەروەها باسکردنە لەو گۆڕانکاریانەی، کە بونەتە هۆکار بۆ گەشەی موزیکی کوردی لەسەر دەستی تیپی مۆسیقای سلێمانی. خستنەڕوی ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی گۆڕان هەیە.

### ١-٢ گرفتی توێژینەوەکە

١- تیپی مۆسیقای سلێمانی لە چەند ساڵی ئەزمونیدا ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریاندا هاتوە. کاریگەی لەسەر ڕەوتی موزیک کردوە؟

٢- پرۆسەی گۆڕانی کەلتوری هەتا چەند ڕەنگدانەوەی لەسەر کارەکانی ئەم تیپە هەبوە؟

٣- لایەنە کۆمەڵایەتییەکان چ کۆسپ و کێشەیان دەبێت لەسەر موزیک، ئایا کاریگەری دەکەنە سەر گەشەی موزیک؟

### ١-٣ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

نەبونی هیچ جۆرێکی سەرچاوەی لێکۆڵینەوە لەسەر تیپێکی هونەری کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ خزمەتی بە موزیکی کوردی کردوە. بە جۆرێک کە هەتا ئێستا، وەک پێویست، هیچ توێژینەوەیەکی زانستیانەیان لەسەر ئەنجام نەدراوە.

### ١-٤ گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی مێژوییەوە دەبێتە پاشخانێکی گرنگ وەک سەرچاوەوە هەروەها بۆ کارکردن و کۆکردنەوەی زانیاری دەرفەتێکی لەبارە، لەبەرئەوەی هەندێک لە دەستەی دامەزرێنەران تەمەنیان هەڵچوە لەسەرو ٧٠ ساڵانەوەن. ڕەنگە بۆ داهاتو دەرفەتێکی ئاسان نەبێت توێژینەوەیان لەگەڵ بکرێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕوی کاتەوە گرنگە و زۆر گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی.

### ١-٥ سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لەسەر تیپی مۆسیقای سلێمانییە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٢. هەروەها دیاریکردنی تەواوی ئەو گۆڕان و گەشانەیە کە کردویانە لەناو موزیکی کوردیدا. توێژینەوەکە بە ڕێبازی (وەسفی شیکاری)یە، پشتبەستوە بە میتۆدی چۆنایەتی (qualitative) بەسودوەرگرتن لە کتێب و سەرچاوەکان و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامانی سەرەکی تیپەکە ئەم توێژینەوەی ئەنجامدراوە.

## ٦-١ تیپی مۆسیقای سلێمانی:

تیپی مۆسیقای سلێمانی لەساڵی (١٩٦٧) لەشاری سلێمانی، بەدەستپێشخەری کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانا دامەزرا کاتێک تیپی هونەری ڕەشـیدی میللیی لەشـاری بەغداوە دێنە سـلێمانی بۆ سـازکردنی ئاهەنگێکی تایبەت بەخۆیان ئەم هونەرمەندانەش بەناوی تیپی مۆسـیقای سـلێمانییەوە دادەبەزن و چەند بەرهەمێک پێشـکەش دەکەن، کە دەبێتە جێی ڕەزامەندی و خۆشـحاڵی ئامادەبوان. ئەمە دەبێتە سـەرەتا و هەوێنی دروستبونی ئەم تیپە، هەرچەندە پێشتر لەژێر ناوی جیاجیادا بەناوی تیپی (خۆشی و بەختیاری) یان (هیوا) کاری هونەریان کردبو و چەند بەرهەمێکیشـیان بۆ ئەوکاتەی ئێزگەی کوردی لەبەغدا تۆمارکردبو. کەسـایەتی وەک (مامۆسـتا ولیەم یوحەنا و ئەنوەر قەرەداخی) ڕۆڵی مەزنیان لە پێگەیاندنی ئەو هونەرمەندانەدا هەبوە.

نەورۆزی سـاڵی ١٩٦٩ تیپی شـۆڕشـگێڕان کە لەلایەن مام جەلالەوە پشـتیوانی دەکرا ئاهەنگێکی زۆر سەرکەوتویان پێشکەشکرد. لەگەل ئەوەی زۆرێک لە ئەندامانی تیپ پێش ڕۆیشتنیان بۆ بەغداد ترسێکی گەورەیان هەبو و دودڵ بون لە ئاستی تیپەکە، بەڵام مامۆستا قەرەداخی هانیان دەدات بۆ متمانەبەخۆبون گۆرانیبێژە بەشـدارەکانی ئاهەنگەکە: ئیبراهیم خەیات، عەلی مەردان، قادر کابان، باکوری، تایەر تۆفیق، ڕەسول گەردی، حسێن عەلی بون، و هەفتەیەک پێشوەخت دەچوین ئامادەکاریمان دەکرد بۆ بەرهەمەکان نۆتەکانمان ئامادەدەکرد). (ئیبراهیم ٢٠٠٤)

ئامادەکارییەکانی ئاهەنگەکە لە هۆڵی خلود دەستپێکرد و ژمارەیەک هونەرمەندی کورد بۆ بەشداریکردن بانگکرابون لەوانە هۆمەر دزەیی، قادر کابان، ئیبراهیم خەیات، باکوری، عەلی مەردان. لێرەوە تیپی سـلێمانی لەڕوی ژمارەی ژەنیارەکان فراوانتربون و ئامێری جۆراوجۆر هاتە نێو بەرهەمەکان (چونکە بابەتەکان سرودی نیشتیمانی بو، ئامێرەکان: شەوکەت ڕەشید کلارنێتی دەژەنی و ئەنوەر ساڵح ترامپێتی دەژەنی بەژداربون لەگەڵمان، هەتا جەعفەر حەسـەن گۆرانی پێشـمەرگەین بە هەڵمەتینی وت، دوای ئەوە ڕایکرد یەکسەر. چونکە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرکرد. ئەمانە لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن ڕاستەوخۆ پەخشدەکران ئەم ڕوداوە گرنگە ناوی تیپی مۆسیقای سلێمانی باشتر خستە نێو نێوەندی هونەری کوردستان و عێراق (قەرەداخی ٢٠٢٢)

دیارە کەسانی وەک هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی و ئەندامانی سـەرەتای دروستبونی ئەم تیپە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە بۆ گەشـەپێدان و بەردەوامبونی چالاکییەکان، بەم شـێوەیە بەردەوام دەبن و چەندین چالاکی هونەریی و خێرخوازی پێشـکەشـدەکەن (سـەرکار ٢٠٢٢) پاشـان لەگەڵ هونەرمەندانی شـانۆ یەکدەگرن و لە (١٩٦٩/٢/٤) بەفەرمی (تیپی نواندن و مۆسـیقای سـلێمانی) دروستدەکەن، دوای سـاڵێک

جیادەبنەوەو دواتر بەناوی (تیپی مۆسـیقای سـلێمانی)ەوە پێشـنیازێک پێشـکەش بەوەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق دەکەن و لە (١٩٧٣/٥/٢٣)دا مۆڵەتی کـارکردن وەردەگرن. دامەزرێنەرانی فـەرمی بریتـین لەهونەرمەندان: (ئەنور عمر محمد قرەداغی- فریدون سـعید جعفر دارتاش- فرید عیسـی نەزەر صـرافیان- ولیم یوحنا خنا نیشو- محمدأمین حسین احمد). (سەعید ٢٠٠٢)

## ٢-پرۆسەکانی گۆڕانی کەلتور

بەپێی لێکدانەوە مرۆڤناسـییەکان (Anthropology) دو شـێوازی سـەرەکی مێژویی هەیە کە کەلتور بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئەرکییەکەی پێیاندا تێپەڕدەبێت. ئەوانەش بریتیین لە یەکەم: پرۆسـەی گەشـەکردنی کەلتوریی cultural growth ، کە بریتییە لە فراوان بون و بڵاوبونەوە و گەشـەکردنی کەلتوە بە بەراورد لەگەڵ پێش خۆی. دوەم: پرۆسـەی گۆڕانی کەلتوریی cultural Chang ماثیو ئارنۆڵد Matthew Arnold لە کتێبی (Culture and Anarchy) ئاماژە بەوە دەکات کە کەلتور دەتوانێت پیشـڕەویمان بکات بەرەو گەیشـتن بە کامڵبونێکی گونجاوتری لایەنەکانی مرۆڤبونمان، و لەوێشـەوە بۆ گەیشـتن بە کامڵبونی تەواوی بەشـەکانی کۆمەڵگا، بەمەش کایگەری لەسـەر تەواوی خەڵک دادەنێت) Arnold (February 26, 1993)

بەو مانایە بێت، گەشەکردنی کەلتوری دەتوانێت بەشداری بکات لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا بەگشتی لەڕێی گەشەپێدانی تاکەکانەوە. کەواتە گەشەکردنی کەلتوری ئەو بزاڤەیە کە لە خودی کەلتورەوە و بەشێوەیەکی لەخۆوەیی و لەسەر ڕەوتی بەها و تواناکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت. بۆیە بە دیاریکراوی گەشەکردن لە شێوەی گۆڕانکاری ڤۆناغبەندییدا دەردەکەوێت و زیاتر لە کایەی چەندایەتیدا دەسوڕێتەوە و هەتا ڕادەیەک دورە لە بنەماکانی چۆنایەتی. بەڵام لە بەرامبەری ئەوەدا (گۆڕانی کەلتوریی بریتییە لە پرۆسـەی گۆڕانێکی گشتگیر کە سروشتی کەلتور دەگرێتەوە، بۆیە لە بنەڕەتدا گۆڕانێکی جۆرێتی (نوعی)یە). (محەمەد ٢٠٢٠)

گەشەکردنی کەلتوریی پرۆسەیەکی یەکانگیری کەلتورە و پێکهاتەکانی کەلتور پێکەوە بەشداری دەکەن لە بەجێگەیاندنی پرۆسەکەدا. لەبەرامبەر ئەوەدا گۆڕانی کەلتوریی، پرۆسەیەکی لێکهەڵوەشان و پەرتبونە کە دواجار دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێک لە پاشەکشەی جیاواز لەناو خودی کایەکەدا و کاریگەریان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتیش هەیە. لەڕوی زمانەوانییەوە زۆر لێکدانەوە بۆ ئەو دو زاراوەیە (گەشە و گۆڕان) خراوەتەڕو، لەنێو کاتیشدا بەکارهێنانە جیاوازەکانیان دەردەکەوێت، واتا گەشەکردن پشت بە کاتی درێژ و جوڵەی هێواش دەبەستێت، بەڵام گۆڕان پشت بە بزوتنەوەی کتوپڕو خێرا دەبەستێت. بەگشتی خودی کەلتور خۆی مایەی دەستکاریکردن و گۆڕانە ئەوەشی بەشداری لەو گۆڕانکاریانەدا دەکات نەوە یەک لەدوای

یەکەکانن و بارودۆخی هەر قۆناغێکیش خۆی ئەو گۆڕانکاریانە بەرهەم دەهێنێت بۆیە (دەشێت ڕۆژگارە نوێیەکان بەهاو چەمکی نوێ بهێننە نێو کەلتورەوە کە نەوەکانی پێشتر خاوەنی نەبون) (عادل ٢٠١٠)

دواتر گەشەکردن لە خودی خۆیدا، پشتیوانی لە سەرمایەی ناوخۆییەوە بە دەستدەهێنێت. بەڵام گۆڕان سەروکاری لەگەڵ کایەکانی دەرەوەدایە و لەژێر هەژمونی ئەوانی تردا بەدیدێت. بەو پێیە، گەشەکردن لە نێو خودی کەلتوردا بەردەوامە، ئەمە لە کاتێکدا پەیوەندی دەرەکی بە هۆکارە جیاوازەکانی بازرگانی و ڕامیاری جەنگ لەگەڵ کەلتورەکانی دیکە لە هۆکارەکانی گۆڕانی کەلتورییە. (گەشەکردنی کەلتوریی لە ماوەیەکی درێژدا، ڕێگە بۆ گۆڕانی کەلتوریی خۆش دەکات. بەڵام هەردو دیاردەیەکە (گەشەکردن و گۆڕان) لەسەر چەند هۆکارێک ڕاوەستاون کە لە سروشتی خودی کەلتورەدایە، کە دواجار دوبارە کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشە و گۆڕان دەبێت (محەمەد ٢٠٢٠)

## ٢-١ بابەتی گۆڕانی کەلتور

گۆڕانی کەلتوریی گۆڕانێکی مرۆییە، بۆیە کاتێک دەگۆڕێت، کار بۆ گۆڕینی ئەو مرۆڤەش دەکات کە بەکاریدەهێنێت. هەر بۆیە ئەم بابەتە، لەپاڵ ئەودا کە باسێکە لەسەر خودی (کەلتور)ە، هاوکات لەسەر (مرۆڤ)یشە. لێرەوە گۆڕانی کەلتور بەواتای زیادکردن، یاخود لێدەرکردنی جۆرەکان و شێوازە کەلتوریی و ئەو پراکتیکیانەی کە پێوەی پەیوەستن. ئەمەش بە شێوەیەکی خۆڕسک یاخود، نەخشە بۆ کێشراوە دروست دەبێت، گۆڕانی کەلتوریی تێکڕای ڕوەکانی کەلتور دەگرێتەوە، بە وێژە و هونەر و فەلسەفەشەوە، هەروەها سیستمە کۆمەڵایەتی و ئامێر و ئامرازەکانیش لەخۆدەگرێت. (مصطفی، 1981 ٢٣١).

لێرەوە ئەو گۆڕانە (بەهۆی گۆڕانی خودی کەلتورەوە) دەبێتە هۆی گۆڕانی خودی مرۆڤ. ئەوەش بنەڕەتێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییدا و هاوکات دەروازە و کلیلی کێشەکەیە لە یەک کاتدا. (صابر، ٢٠١٣). گۆڕانی کەلتوری سنوردارە بەو گۆڕانکاریانەی لە کەلتوری کۆمەڵگادا ڕودەدات و وابەستەی هەندێک چەمکی ترە کە لەکایە جیاوازەکانی مەعریفەوە دێن. بەتایبەتی، کاتێک دو سیفەتی سەرەکی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا دەکەونە کار کە جێگیری فۆرمی کەلتوری و زیادکردنی فۆرمێکی نوێیە. لەم سۆنگەیەوە درێسلەر (Dressler) گۆڕانی کەلتوری وا پێناسە دەکات کە " گۆڕانە، یان دابڕانە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی، کە پێشتر ئەزمونکراون و لە کەلتوری ڕابردوەوە بۆ ئێستا گوێزراونەتەوە و هێنانەکایەی ڕێوشوێنی نوێیە، کە بەر کایەکانی بڕوا و چەشەی تایبەتی و مۆدێل و نەریت و هونەر و مۆڕاڵ دەکەوێت، ئەمە جگە لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بونیادی کۆمەڵگا و ئەرکەکانیدا دێت". ( William 2017)

گۆڕانی کەلتوری پرۆسەیەکی بەربژێرە، هەرکات تاکەکانی کۆمەڵگایەک بەر جۆرێک لە نەریت، یان ڕەگەزی کەلتوری دیاریکراو دەکەون. ئەوەی لێهەڵدەبژێرن کە لەگەڵ بەهاکانی خۆیان یەکدێتەوە، یان ئەوانەیان کە لەڕوی کۆمەڵایتییەوە پەسەندن. هەر لەبەرئەوەشە چەمکەکانی هەڵوەشاندن و پەرتبون و لادان و گۆڕانی وردەوردە و داهێنان و کامڵبون و گواستنەوە و ژیانەوە و سەر لە نوێ شیکارکردنەوە و لێکدانەوەش دەچنە پاڵ چەمکی گۆڕانی کەلتوری. گەر لەهەر یەک لەو چەمکانە بڕوانین، لەوە تێدەگەین کە گۆڕانی کەلتوری لە دۆخی بەرکەوتین بە کەلتورێکی تر وا دەکات بە شوێن لێکچونەکاندا بگەڕێین زیاتر لەو پتانەی ئەو دو کەلتور لەیەک دوردەخاتەوە. بەواتای، قبوڵکردنی جۆرێک لە بنەمای نوێ کە ڕەنگە لە ڕەسەنایەتی خودی ئەو کەلتورە خۆی دوربخاتەوە. بەڵام بە هۆی دۆخێکی دیاریکراوی گۆڕانکارییەوە، ئیدی لەسەر بنەمای گۆڕانی زەمەن یان دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت ئەو پرۆسەیە تەواو دەکات.

لە سۆنگەی پەیوەندی گۆڕانکاری کەلتوری بە میوزیکەوە تێبینی دەکەین، کە لە پەیوەندییەکی توند دایە لەگەڵ زانستی ئیتنۆگرافی (مرۆڤناسی)، کە خۆی لە خۆیدا بەشی زۆری چالاکییە مرۆییەکان لەخۆدەگرێت. موزیکیش وەک چالاکیەکی مرۆیی لە هەژمونی ئەو زانستە بەدەر نییە. بۆیە کاتێک ئالان مێریام Alan, P (Mariam) ئێتنۆگرافیای داهێنەرانەی خۆی لە نێو موزیکی فلاتهێد[٢] بەم شێوەیە دەستیپێکرد، دەڵێت "هەمو مرۆڤەکان، لە هەر کولتورێکدا بن، دەبێ بتوانن موزیکەکەیان بە تەواوی لە چوارچێوەی کۆی بیروباوەڕ و ئەزمون و چالاکییەکانیاندا دابنێن. چونکە بەبێ ئەو جۆرە پەیوەندییانە، موزیک ناتوانێت بونی هەبێت."بەمەش هۆکارێکی زانستی و پاڵپشتیەکمان دەستدەکەوێت، بۆ بەستنەوەی گەشەی میوزیک وەک بەشێک لە کەلتور بەو ستایلانە لە گۆڕان، کە ئامانجیان دۆزینەوەی فۆرمێکی نوێیە بەبەرکەوتن بە کەلتورەکانی تر. ئیدی لە نەتەوەکانی هاوسێ بێت، یان لە دنیای دورتر. (Merriam 1967, 123)

## ٣-گۆشەگیریی کەلتوری و ڕەوتی گۆڕان

زۆرێک لەو شێواز و تێڕوانینانەی کە ئێمە لە خوێندنی موزیکی جیهاندا بەکاریدەهێنین لەسەر بنەمای هەلومەرجی گۆشەگیریی کولتورییە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتیگیرتر لە کاتێکدا هەبوە کە زۆرێک لە کولتورەکانی جیهان زیاتر لە یەکتر دابڕاون لەچاو ئەمڕۆدا. لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی زانستی ئێتنۆمیوزکۆلۆجی کە لە سەدەی بیستدا دەستیپێکرد، ئەم گۆشەگیرییە گشتگیر نەبوە. بەڵام بەس بو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئاستی جۆراوجۆری پەرەسەندنی ناوەکی و هاندەری دەرەکی و وەرگرتنی باشتر تاقیبکرێتەوە.

ئەم دۆخە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕاوە. زیاتر نزیکبونەوەی نێوان کەلتورە دابڕاوەکانی پێشوە و بۆتە هۆی چڕبونەوەی پەیوەندی و پاڵنەرەکانی ئەم جۆرە ڕێژەیە. بەوەی کە پێویستە ڕەچاوی ئەم دۆخە ئاڵوگۆڕ بکەین. کاتێک بیر لە سروشتی گۆڕان لە نەریتی موزیکیدا دەکەینەوە. هەمو ئەو شتانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین، پەیوەندیان بە گۆڕانەوە هەیە. ئەگەر سەرنج بدەین. گۆڕان لە نەریتێکی موزیکیدا، یان هەندێک ساتی دیاریکراو و جێگیر لە مێژودا هەڵبژێرین. بۆمان دەدەکەوێت کە گۆڕانی موزیکیی لەسەرخۆ و بەردەوامە و کاریگەری دەبێت لەلایەن پاڵنەرە دەرەکییەکان. لە ڕاستیدا ئەستەمە بە هاوسەنگیی نێوانی کاریگەریە ناوەکی و دەرەکییەکان بە تەواوی بزانرێت کە دەبنە هۆی گۆڕانی ژانای موزیکیە. بۆ تێگەیشتن لە هەر گۆڕانێکی کەلتوری دەبێت سەیری هەندێک لایەنی ئەم جیاکارییە بکەین، کە لە بابەتەکاندی دواتر خراونەتەڕو. (Garfias 2004, 21).

شاری سلێمانی بە هۆکاری ئەو ڕەوشە ڕامیارییانەی، کە لە دەیەکانی ڕابردودا پێیدا تێپەڕبوە، کاریگەری هەبوە لەسەر هونەر و بەتایبەتر موزیک، چونکە بەشێک لەو گۆشەگیریانە وابەستەبون بە نەبونی پەیوەندی زۆر لە نێوان ناوچەکان و نەبونی ڕاگەیاندنێکی بەردەوام، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بونی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی بەغداد و کەرکوک و بونی ڤستیڤاڵە ناوخۆی و دەرەکییەکان. دەرفەتێکی باش بون بۆ ئەوەی ڕەوتێکی لەبار بۆ گۆڕان لە کەلتوری ناوچەکە و تیپەکە دروست بکات.

٣-١ گۆڕان، هەڵبژاردن و گۆشەگیری

ئێمە لە ماوەی ژیانی خۆماندا بە بەردەوامی بەرکەوتەی ئەو پاڵنەرە دەرەکیانەین کە وایان لێکردوین بمانەوێت شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانەمان هەمواربکەینەوە. ئاسانترە بیر لە گۆڕان بکەینەوە وەک ئەنجامی ئەو پاڵنەرانەی کە هەڵبژاردنی نوێمان بۆ دەستەبەر دەکەن، نەک تێبگەیین لە چۆنێتی گەیشتن بەم هەڵبژاردنانە. لە پرۆسەی پێداچونەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە پێشمانن، زۆرن کە ئێمە بە نەرێنیان دادەنێین. زۆر جار ئێمە بڕیار دەدەین دژی شتێک بین بێ ئەوەی بزانین بۆچی؟

ئەگەر لەم تێڕوانینانەوە تەماشای کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بکەین، ئەوە هەست پێدەکەین کە لە هەوڵەکانیاندا سەرەتا، تەنها بۆ دەرکەوتن و مومارەسەی کاری پراکتیک بوە. (قەرەداخی ٢٠٢٢) هەڵبژاردنەکان دەکرێن بێ هیچ پێویستییەکی ڕاستەقینە لە تێگەشتن لەوەی بۆچی کراون. لەناو هەر کەلتورێکی موزیکیدا، بژاردەکان بەردەستن بۆ ڕەتکردنەوەی هەر هەڵبژێراوێک. بڕیار دەدرێت لەسەر ئەوەی باشە و خراپە، لەسەر ئەوەی چی نوێیە و لەگەڵ نوێگەری کات و سەردەمی ئێستادا دەگونجێت. دەتوانین لەوە تێبگەین کە تەنانەت لە باری ئەو کەلتورە موزیکییانەی، کە دابڕاوبون لە کولتورەکانی دەوروبەریان و

هەر بەو شێوەیەش دوربون لە کاریگەری دەرەکی کە خۆیان بە کەلتوری دەرەکی پێناسەیان کردون، بەمەش کەلتورەکەی خۆیان ڕوبەڕوی گۆڕانی لەسەرخۆ و بەردەوام بوەتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە تیپی سلێمانی گونجاندنی لەگەڵ سەردەمی خۆیدا بونی ئەو ڕێژەی زۆر باشەی پیشوازیکردنەی بوە لە لایەن گوێگرەکانیانەوە. چونکە ئەندامانی ئەم گروپە موزیکییە، خۆ نەویستانە بە هەستی گۆڕان و گەشەکردن لە کارەکانیاندا بەرچەستە بونە بە هەندێک کات، بە هۆی نەبونی میدیای بەهێز لەو کاتەدا. نەتواندراوە هەمەچەشنی هەبێت بۆ هەمو جۆرەکارێک، بۆ نمونە لە ناو ڕۆمانی یابانی سەدەی دەیەمدا "جێنجی مۆنۆگاتاری"دا ئاماژەیەک هەیە بۆ نمایشێکی موزیکی نافەرمی، کە شتێکمان پێدەڵێت سەبارەت بە ڕەوتی گۆڕان لەو سەردەمانەدا. لە چیرۆکەکەدا، پیرەژنێک بارودۆخێکی گاڵتەجاڕی بۆ هەموان دروستکردبو. کاتێک سور بو لەسەر ئەوەی بچێتە پاڵ کۆمەڵێک گەنج کە موزیک دەژەنن لەگەڵیاندا و بەردەوام بوبو لە نمایشکردن، بە متمانەیەکی بێشەرمانەوە و بە شێوازێک کە بۆ ماوەی سی ساڵ بو لە کلتوردیاندا لە ڕەوتی باو دەرنەچوبو.

لە سەدەی یازدەیەم لە ژاپۆن کاتێک شاری هایان بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ بە تەواوی خۆی لە هەمو جۆرە پەیوەندیەکی بیانی کەلتوری ناوخۆی ژاپۆن دابڕیو. زۆرێک لە دانیشتوانە تێگەشتوەکانی پایتەخت، بەچاوێکی ئاست نزم و لاواز تەماشایی هەر شتێکیان دەکرد تەنانەت پارێزگاکانی دەوروبەری خۆیان واتە جۆرێک لە ئیگۆی نەتەوەیی هەبو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوی ئەو سی ساڵەدا، مۆرک و ستایلیی موزیکی گۆڕانکاری بەسەردا هات، دیارە ئەمەش بە سادەیی لە ئەنجامی پەرەسەندنی شێوازی ناوخۆیی بەڕادەیەک کە بەلایانەوە زۆر گاڵتەجاڕانە بو، هەروەها نایەکانگیر ڕودەدات. کە دەتوانین لە دوتوێی تێگەیشتنمان لە ئەنجامی ئەوە بە نمونەیەکی باش هەژماربکەین بۆ پلەی گۆڕان بێ پاڵنەری کەلتوری دەرەکی. زۆر جار، ئێمە ڕوبەڕوی نمونەکانی گۆڕان دەبینەوە کە دەرئەنجامی پەرەسەندنی ناوەخۆیین کە شانبەشانی گۆڕانەکان ڕودەدەن کە لە دەرەنجامی پەیوەندیەکانن لەگەڵ کولتورەکانی تر. (Murasaki 1960)

## ٣-٢ ڕێژەی گۆڕان

سەرهەڵدانی پەیوەندی میدیایی بە کۆمەڵ لە ماوەی ئەم سەدەیەدا باڵادەستە، بەڵام کۆتایهێنانە بە پرۆسەی هێواشی گەشەکردنی ناوخۆیی کەلتورە دابڕاوەکان. لە بری ئەوە پاڵنەری بەردەوام هەیە کە زۆربەی کات دەرەکین بە کەلتوری خۆماڵی. ئەمانە ئێستا بە خێرایی دزەدەکەنە ناو سیستەمی ناوخۆی گۆڕانی کەلتوری. ئێستا کەلتورەکان بە لەخۆگرتنی هەمو توخمە نوێیەکان دوبارە پێناسە دەکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش، زۆر لەمەوپێش نییە کە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ئامرازگەلێکیان بۆ پەیوەندییە کولتورییەکان دابینکردوە لە

نێوان ئەو کەلتورانەی کە لە ڕوی جوگرافییەوە دابڕاون، هەندێک جاریش زۆر دورن لەیەک. وەک چۆن وشیاری سیاسی لە دەستی زلهێزەکاندا گەشەی کردوە و بەردەوامە، ئەم پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابوریانە، بە شێوەیەکی زۆر فراوان بونەتە پردی پێکەوە گرێدانی مەودا جوگرافی و کولتوریەکان. لە هەمان کات، پەیوەندییە کەلتورییە دابڕاوەکان مەودایەکی زۆریان بڕیوە، وپەیوەندیە ئاساییەکان لە نێوان گروپە دراوسێکاندا بونەتە هۆی بەردەوامی لە وەرگرتندا. جێگیری ئەم شێوازە، بە درێژایی بەشێکی زۆری مێژوی مرۆڤایەتی ئاشکرایە. کاتێک وایدادەنێین ئەو دورییە کەلتورییەی کە مارکۆ پۆلۆ بڕیویەتی لە گەشتەکەیدا بۆ چین لە سەدەی سێزدەهەمدا زیاتر نەبوە لەو دورییەی کە گەشتیارە ئەوروپییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بڕیویانە بۆ گەیشتن بە چین. بە پێچەوانەی ئەم دورییە کولتورییەوە لە ڕێگای نێوان ڤینیسیا و کانبال و بۆ هەر میلێک، دانیشتوانی هەر گوندێک زۆر لە زمان و کەلتور و سیاسەتی دانیشتوانی گوندی داهاتویان دەزانی بە درێژایی ئەو ڕێگایەی گەشتیارە ئەوروپیەکان بڕیویانە. لە کاتێکدا ئامرازی گەیاندن و گواستنەوەو هەبون، کە ئەوروپا و چین لەیەکتر نزیک بکەنەوە، لە ماوەیەی شەشسەد ساڵ تێپەڕیوە بەسەر گەشتەکەی مارکۆ پۆلۆدا، مەعریفە لەسەر بنەمای پەیوەندی بەردەوام لە نێوان وڵاتان لەگەڵ دراوسێی بەردەوام بوە. سروشتی پەیوەندی کەلتوری ڕەنگە بەم شێوەیە پێناسە بکرێت. بە نزیکیی ئەو جۆرە بێت ڕودەدات. تەنیا وەک دەرئەنجامی پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەو نەتەوانەی کە دوریی زۆر جیایکردونەتەوە، یان دەرەنجامێکی سادەی ناسینی خوەکانی دراوسێکانە لەلایەن مرۆڤەکانەوە. کاراکتەری ئەم نزیکییە پێناسەکراوە بەپێی ئەو بارودۆخەی، کە پێویستە بۆی تا ڕو بدات. نزیک بونە لە نێوان وڵاتان بە هۆکاری نزیکبونەویان دەبێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی ڕێژەی گۆڕان، بەڵام ئەم جیاکارییە بە ڕاستی تەنیا مەسەلەی پلەی چڕییە لە جۆر و ژمارەی پەیوەندییەکاندایە. (Garfias 2004, 96)

تیپی مۆسیقای سلێمانی هاوکات بو لەگەڵ گۆڕانکاری چەندین شۆڕش و جەنگی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و شەڕی ناوخۆی و دەرەکی، کە هەلومەرجێکی تەواو دژوار بو بۆ کارکردنی موزیکی لەو سەردەمەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی وەرگرتن بەردەوامی هەبێت لەلایەن ئەندامەکانی تیپەکەوە. ئەوەش لە کارەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبوە لە ڕوی داهێنان و هەڵبژاردنی هۆنراوەکانیان و میلۆدیەکانیاندا. دەتوانین لەو ڕوەوە ئەوە ببینین کە تیپی مۆسیقای سلێمانی سودی لە پرۆسەی پاڵنەرێکی ناو کەلتورێکی ناوخۆی و داخراودا وەرگرتوە، هاوکات کردویانە بە سۆنگەی هەندێک گۆڕان و نوێگەری لە بارودۆخی سەختدا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ بۆ١٩٩٠ هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتە بۆ کورد لە ناوچەکەدا زۆر دژوار بوە، لە ڕوی ژیان و کارکردن و چالاکی هونەری لە ژێر سانسۆردا بوە. (سابیر ٢٠٢٢)پرۆسەکەش پشت دەبەستێت بە بونی پێکهاتەیی و شێوازی شیاو بۆ ڕێگەدان بەوەی تێکەڵبون ڕوبدات. بۆ نمونە، لە ڕاستیدا دەتوانێت

قبوڵکردنی توخمە کەلتورییە نامۆکان بخاتە ژێر کاریگەریەوە بەڕادەیەک کە تەنانەت لە ڕوی کولتوریشەوە ستایلی موزیکی ناجۆر و نائاشنا وەربگیردرێن. ڕێژەی وەرگرتن کە بریتییە لە ڕێژەی وەرگرتن و لاساییکردنەوەی توخمەکانی پاڵنەرە نوێیەکان، کە ڕەنگە بە هێواشی یان خێرا ڕوبدات، بە پشتبەستن بە بونی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پاڵپشتیکراو، یان پێکهاتەی خۆڕسکی بارودۆخەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت پەسەند کردنی کلتوری خێراش شتێکە کە بە درێژایی چەند ساڵێکدا ڕودەدات و پێوانەی دەکەین نەک چەند مانگێک.

### ٣-٣ هەڵبژاردە و خو

یەکێک لە کۆسپە سروشتییەکان بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ئستعاب (وەرگرتن) پاڵنەرە دەرەکییەکان بریتییە لە ئارەزوی سروشتی زۆربەی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی شتی ئاشنا بەسەر هەر شتێکی تردا. ( Garfias 2004, 97-98) نمونەیەکی زۆر دیار کە دەتوانین وەک پاڵنەر دیاریی بکەین بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئەوە بو لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێک ناسری ڕەزازی کارێک لەگەڵ تیپپی مۆسیقای سلێمانی ئامادەدەکات، هۆکارێک هەیە بۆ دروستبونی پردێکی نوێ، لە ئاشنابونی هەردولا بە کارێکی نوێ- کاتێک گۆرانی شنەی هەواران[٣] ئامادەدەکرێت. بە هۆی جیاوازی ڕیتمی کارەکە ئاڵۆزییەک دروست دەبێت، کە بۆ ئامادەکاری کارەکە (م. خالید سەرکار) کەمێک جیاواز سەخت بوە، بە جۆرێک ڕیتمکە بە هەڵە دەزانێت، و سەرلەبەری ڕیتمی دەگۆڕێت بۆ ٤/٣ کە بۆ ناسری ڕەزازی کەمێک جیاوازە لە ڕیتمی سەرەکی کارەکە، کاتێک ڕیتمی کارەکە لە بەشێوەی (٨/٧) بە گەڕیان ناودەبرێت. کە وەک کۆسپێک دەتوانین هەژماری بکەین، هەر لەبەرئەوە کاتێک

مامۆستا خالید سەرکار ئەم کارە بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی ئامادە دەکات بە شێوازی ٤/٣ ئامادەی دەکات وەک لە نمونەی ١ خراوەتە ڕو )سەرکار ٢٠٢٢( ئەمە ئەرکی

توانەوەی نوێیە لەناو ئەوەی کە ئێمە پێشتر پێی ئاشناین کە دەبێتە هۆی سەختییەکی گەورە. کاتێک ژمارەیەکی بەرچاو لەگونجاندن لە ڕەگەزی پێکهاتەیی دو دابونەریتدا هەیە، هەندێک جار وا لە ئستیعابی چەند ڕەگەزێکی جیاکەرەوەی ماوە دەکات کە زۆر قورستربێت. هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانین بیر لەو ڕێگایانە بکەینەوە کە ئەمەی پێ ڕودەدات.

.

نمونەی ١

٤-٣




**ڕامیاری و کارتێکردن و گۆڕان**

بەردەوام بەرکەوتن لەگەڵ ئەو شێوە کەلتوریانەی، کە تەنیا کەمێک ناهاوشێوەن لەوانەیە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی ئاستێکی پێویست لە ئاشنایی، کە ڕێگەمان پێدەدات بە کارامەیی کاربکەین. ئەرکی وەرگرتە و پێکهاتە کولتورییەکان، کە چەند کەرەستەیەکی هاوتەریبیان هەیە لەگەڵ کولتوری خۆماندا پێویستی بە سیستەمێکی پشتیوانی هەیە، کە هاندەرێکی بەهێزی بۆ دابین بکات، (Garfias 2004, 98) سەرەتایەک بۆ جۆرە هاندانێک، کە ئەوەندە بەهێز بێت، کە وا لە تاکێک بکات بەجدی کاربکات، بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و چارەسەرەکان. تیپی مۆسیقای سلێمانی لە پاش تیپی مەولەوی، توانی ئاراستەیەک دیاری بکات بۆ تێگەشتن لە ناو موزیکی کوردی. ببێتە و دەرچونێک لەو ڕەهەندەی کە لە ناو موزیکی عەرەبی و فارسیدا هەیە. )سابیر ٢٠٢٢(.

بەدەر لەبونی سانسۆرێکی زۆر لە کار کردن. هەمیشە لە شاری سیمانیدا هەوڵی سەرکوتکردن هەبوە. لە ڕوی ڕامیاری و کەلتوری کە زۆرکات بوە بە ڕێگری کردن لە کارکردن، یاخود پێشکەشکردنی بەرهەمە موزیکییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانن. بۆ نمونە سەرجەمی بەهەمەکانی ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٩، کە دەبو پێش بڵاو بونەوەیا بەرهەمەکە لەلایەن دەزگای ئەمنی ئەو کاتە دوبارە پێداچونەوەی بۆ بکرێت و تەواوی هۆنراوەکان وەرگێڕن بۆ زمانی عەرەبی. (قەرەداخی ٢٠٢٢)

**٣-٥ سیاسەت و کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکان**

پەیوەست بەگۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی سیستەمی پەیوەندی ڕاگەیاندن و هەروەها سیستەمی سیاسی و ئابوری، جیاوازی بەرچاو دەردەکەویت. بە شێوەیەک، کە کاریگەرییان لەسەر هونەرەکان هەیە. تا ئەم دواییە، بەشی سەرەکی موزیکی جیهان کەوەتە ژێر ڕکێفێکی یەکێک لە دو سیستەمی سیاسی و ئابوری زاڵ، دەوڵەتە سۆسیالیستەکان یان ئەو وڵاتانەێ کە پەیوەستن بە بنەمای پرۆژەکاری ئازادەوە.

هەرچەندە هیچکام لەم سیستمانە لە جیهاندا بە تەواوی بەجێهێنانەکانیانەوە لە کەرتی خۆیاندا کاریان نەدەکرد، بەڵام هەریەکەیان لە زۆر پێشکەوتوترین بارودۆخدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرچون لەو بنەمایانەی کە زۆربەی موزیک تەقلیدییەکانی جیهان لەسەریان گەشەی دەکرد. هەر یەکەیان کاریگەری خۆی لەسەر هونەرەکان زیاد کرد لە ئەنجامی باشترکردنی سیستەمی پەیوەندیە میدیاییەکان کە دەستی پێی گەیشتبو. لە کاتێکدا گۆڕان هێواش بو لەو سەردەمەدا کە کەلتورەکان زیاتر لەیەکتر دابڕاو بون، پشتگیری هونەرەکان لە کۆمەڵگە بچوکەکانی بەکاربەرانەوە سەریهەڵدا یان لە سودی چەند پشتیوانێکی دەرەکی بەهێز وەرگرتوە.

بە نەمانی کاریگەرانەی سۆسیالیزم وەک هێزێکی سیاسی جیهانی گەورە، چیتر لە جیهاندا تاکە سیستەمێکی زاڵ سیستەمی میدیای پەلهاویشتن بو. ئەوەش زیاتر کۆنترۆڵ دەکرێت. لەلایەن ئەوەی، کە پڕفرۆشترینە تا ئەوەی باشترین نمونە بێت، بۆ کەلتوری مرۆڤایەتی. پشتگیری حکومی بۆ موزیک و هونەرەکانی تر لە هەمو شوێنێکی جیهاندا کەم دەبێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەن بازارێکەوە پاڵپشتی بکرێن، کە بیمەنامەی کولتورییە. ئەو جۆرە پشتیوانانەی هونەرەکان (Garfias 2004, 99) بەدەر لەوەی کە لەناو خەڵکی ئەو سەردەمەدا هەستی بەرهەڵستی لە زۆرێک لە بوارەکاندا دەبیندرا، هاوکات تیپی مۆسیقای سلێمانی بە ئاگابون، لەو گۆڕانە لە ناکاوەی کە لە نەوچەکەدا ڕوی کردبوە هونەر، کە زۆرترین هەوڵ هەبو بۆ دورکەوتنەوە لەو کاریگەریە کە لەلایەن ڕژێمەوەهەر بۆیە تیپی مۆسیقای سلێمانی لە نیشاندانی بەرهەڵستی لە زۆر ڕووەوە هەبو بۆ ڕژێم هەر وەک مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی پێمان دەڵێت:

ئێمە زۆربەی کات لۆگۆی تیپەکانمان دروست کردبو، لە پشتی ستاندەکان داماندەنان. لەسەرەتادا جلوبەرگ هەریەکە و شێوەیەک بو، دواتر بیرۆکەی ئەوەمان بۆ هات کە دەبێت تەوحیدی بکەین، ڕەنگمان لا گرنگ نەبو بە تەنها دەمانویست هەموی یان جلی کوردی بێت یان چاکەت و پانتۆڵ بێت،تا وایلێهات بیرمان لەوە کردەوە لە تەوحیدێکی جدیتر، چونکە کە گروپەکە ناسرا دەبێت تەنزیم بێت لە ڕوی شکل و ئەتەکیەت و ئیتسالات و ئەو شتانەدا، ئەو شتانەمەن هەمو بەرجەستە دەکرد. بەردەوامی و هزری ئەندامانی تیپەکە ئاراستەی وەرگرت. هەر لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت، زۆر شتمان وەک سیمبول نیشان دەدا وەک جلی کوردی کە جلی پێشمەرگە بو ئێمە لەبەرمان دەکرد بۆ سیمبول نیشاندان – هەروەها گرنگیدان بە هۆنراوەکان بۆ نمونە گۆرانی دیسان بارانە ی حەسەن گەرمیانی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ – کە لە شاری بەغداد پێشکەشکرا کوردەکان هەستی ئەوەیان لا دروست بو کە پەیامێک لە پشت هۆنراوەکانەوە هەبو، بەیانی هەردێ و کاروانچی ئەسعەد قەرەداخی و چاوەڕوانی و ئای دیسان چومە ژێربالی حەسەن گەرمیانی، کە لە نمونەی ٢ خراوەتە ڕو کە هەمیشە بەرهەڵستی زۆری بۆ دەکرا لەلیژنەی هەڵسەنگاندنی ڕادیۆ و

تەلەفزیۆنەکانی ڕژێم. ڕۆڵی سەرەکی لەلایەن هاشم جەباری زۆر داکۆکی دەکرد لە هۆنراوەکان و پاساوی بۆ دەهێنایەوە تا بەرهەمەکان بەردەوام بێت) .قەرەداخی ٢٠٢٢(

نمونەی ٢



### ٣-٦ گۆڕان و هەمەچەشنی بایۆلۆجی و کەلتوری

چۆن دەتوانین کاریگەرییەکانی گۆڕان لە ئاستی هەمەجۆریی لە سەر سیستەمی مۆسیقی بپێوین کاتێک مامەڵە لەگەڵ قەبارەیەکی وەهادا دەکەین لە ئێستادا؟ پرسیارەکە سەختیەکی ڕاستەقینە دەردەخات. پرسیارەکە دەبێ لەدەوری ئەودا چڕبکرێتەوە، کە ڕێژەیەی دانیشتوانی بەکاربەر دەتوانن گونجاندن بکەن لەگەڵ هاندەری نوێ؟ ئەمەش بە دڵنیاییەوە، پشت دەبەستێت بەوەی چۆن پێناسەی گونجاندن دەکەین. "گونجاندن" دەستەواژەیەکە وەک دەستەواژەی "کەلتور"، کە پێناسەکردنی بە تەواوی سەختە و زیاتر لەسەر ڕێککەوتنێکی گشتی هەیە، دەربارەی ئەوەی کە چییە؟ لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی کارکردنی مێشکی مرۆڤ، تا ئێستا ئەوەیان دیاری کردوە کە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و تێگەیشتنی مۆسیقی لە ناوچە جیاوازەکانی مێشکدان. ئەم توێژینەوانە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجیان خستۆتە سەر ناسینەوەی میلۆدیەکان، نەک تێگەشتن لە پرۆسەی پێکهانان و هەڵبەستن. دروستکردن دەبێت بە جۆرێک پشت بە بیرگە ببەستێت، و بیرگەیش دەبێت سود لە کارامەیی هەندێک لە هەمان ئەو فەرمانەکانی مێشک ببینێت، کە لە جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی چالاکیەکان یان، ڕوداوەکاندا بەشدار بون یاخود، لە وەبیرهێنانەوەیان. چەند ناوچەیەکی مێشک. لەوانەیە لە هەمان کاتدا بەشدار بن، لە جێبەجێکردنی ئەو شتانەی، کە ئێمە وادەزانین یەک چالاکییە. کردارەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و مێلۆدی دەکەونە ناوچەی جیاواز لە مێشکدا.

لە دروستکردنی موزیکدا، پرۆسەکە بە جۆرێک ئەم دو کردارە پێکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی درێژکردنەوەی دروستکردنی موزیک بە شێوەیەکی سروشتی پەیرەوی شێوازێک دەکات، لەگەڵ ئاواز و شێوازەکانی سترێس. بە درێژکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، دەتوانین زیاتر ئەوە بخەینە ڕو، کە ڕەنگە ئستیعاب هاندەرە موزیکیەدەرەکییەکان پلەبەندی بکرێت، بە پلەی خۆ گونجاندی موزیک، کە بتوانێت زمانی بەکاربەرانی بخانە ناو قاڵبەکەیەوە. بۆ باسکردنی چەند نمونەیەک لە بارەی ئەمەوە، با تێبینی ئەوە بکەین کە ئاوازدانەری ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەم، جۆن جێنکینس John Jenkins و هێنری پورسێل Henry Purcell موزیکیان نوسی کە شوێنکەوتەی شێوازە فەرمییە بنەڕەتیەکان بو، کە لە موزیکی ئیتالی ئەو سەردەمەدا دانرابون. هەرچۆنێک بێت، لە قاڵبەکانی ئاوازی موزیکیان لادانەکان لە شێوازی ئیتاڵی تایبەتمەندییەکی بێ سودی موزیکی ئینگلیزییان وەرگرت کە لە موزیکی فۆلکلۆرەوە وەرگیراون.

بە هەمان شێوە بیست ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەک فۆرمی موزیکی بەناوبانگی ژاپۆنی هەبون کە جەختیان لەسەر بنەچە ڕۆژئاواییەکان دەکردەوە. بە شێواندنی بە ئەنقەستی و قاڵبی فشارە سروشتیەکانی وتاری ژاپۆنی. دە ساڵ لەمەوپێش، بینەرانی ژاپۆنی ئاشنایيەکی بەرچاویان لەگەڵ چەندین شێوازی موزیکی

بەناوبانگی ڕۆژئاواییدا پەیدا کردبو. (Murasaki 1960, 149–151) ئەم گۆڕانی هەمە چەشنیە تەواو ڕەنگدانەوی هەیە لە تیپی مۆسقای سلێمانی کاتێک لە میلۆدی فۆلکۆری بەرەو داندراو هەنگاویان نا. پاشان دەکرێت بڵێین ئاراستەیەکی نویێ لە گۆرانی کوردیدا دروست کرد. هەروەها لە ناو ئەدەبیاتی کوردی باشور بەتایبەتی، چونکە هاوکات بوە لەگەل هۆنروەکانی (گۆران ، شیرکۆ بێکەس) کە دنیا بینیەکی جیاواز بوە، ئەم دو ئاراستە تەریب بەیەک جۆرێک لە میلۆدی داندراو و هۆنراوەی گۆرانی ئاسای ڕەخساند و کەمێک لە شێوە باوەکە دورکەوتنەوە درورست دەبێ) قەرەداخی ٢٠٢٢(

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە شێوازی ئاوازی (مێلۆدیک) و هاودەمکردنی ئامێرەکانی ئەم گۆرانییە بەناوبانگە نوێیانە زۆر ئاڵۆز بو، بەڵام شێواندنی قاڵبەکانی گوتاری ژاپۆنی بەردەوام بو. لە ساڵی 1979 نوێترین نمونەکانی گۆرانیە بەناوبانگە ژاپۆنیەکان کە لەسەر ستایلی ڕۆژئاوایی بون گەیشتبونە ئاستێکی زۆر بەرز لە گرتنەبەری شێوازی ڕۆژئاوایی بۆ فۆرمێکی نوێی شیعری ژاپۆنی، کە لەگەڵ چەمکی فکری هاوچەرخی ژاپۆنی لە دنیای ئەمڕۆ دەگونجا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێکستی گۆرانیە نوێیانە وەک نمونەیەکی باشی شیعری نەریتی دەخوێنرانەوە، بەڵام لە لێکدانەوەیاندا لەسەر ئەم تۆمارە نوێیانە شێواندنی جیاواز و زۆر ئاگاییانەی شێوەزاری سروشتی و شێوازەکانی سترێسی ئاخاوتنی زمانی ژاپۆنی هەیە. لەوانەیە کەسێک گومانی ئەوە بکات کە توانەوەی موزیکی بەناوبانگی نوێ لە ناو زمانی قسەکردنی ژاپۆنی بە ئاگایی دورخراوەتەوە. (Redfield 1936)

## ٨-٣ یەکپۆشی کولتوریی و میدیا

زۆربەی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان لە هەمو جیهاندا بەردەوامن لەوەی زیاتر و زیاتر یەکڕەوتبن. بەدڵنیاییەو دەرئەنجامێکی باشی هەیە. ئەم یەکڕەوتییە پێدەچێت ڕەنگدانەوەی ئەو خۆ گونجاندنە نەریتگەرییە بێت کە ئێمە دەیبینین لە زۆربەی ئینیەکانی پشو. هێشتا هەندێک کەناڵی گرنگ بۆ هەمەجۆری هەن هەرچەندە کەمیش بن. پیشەسازی بڵاوکردنەوە و بازرگانی تۆمارکردن دو نمونەن، کە یەکسەر دێن بە فکرتدا. لەوانەیە بەهای ئەخلاقی شارەزایی لەم پیشەسازیانە بەرز بێت، بەڵام بەبەردەوامبونی هەوڵەکان بۆ پاراستنی هەمەچەشنی نیشانەیەکی گرنگە بۆ تەندروستی ئێستای ئەم دو ڕێگایەی پەیوەندی کردن. سەرەڕای زیادبونی بەردەوامی بەرهەمهێنان و تێچوی بەرهەمهێنان، چەندین کتێبی نوێی و تۆماری جۆراوجۆر مانگانە دەردەکەون لە دەزگای بڵاوکردنەوە باشەکان، و هەروەها لەو چالاکیانەی، کە بودجەیان کەمە. ئایا ئەمە نیشانەی بەرەبەرە کۆتایی هاتنی کولتورە فرەییەکانە، یان ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤەکان

لە جەنگی بەردەوامبونی هێشتنەوەی هەمەچەشنی سەرکەوتوبون تا ئەوەی ڕزگاریان بێت؟ (Americ 1996)

ڕەوشی سیاسی باشور لە پاش جەنگی هەشت ساڵەی ئێران جۆرێک لە بەهێزی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵی تەواوی میدیایی و بڵاوکراوەکان کرابو، هەر وەک ئەنوەر قەرەداخی لە چاوپێکەوتنێکدا پێمان دەڵێت، "بەدەر لە سەختی تۆمار کردن و دەرکەوتنمان، تەواوی ئەو کارانەمان ڕاد دەکردەوە کە حوکمەتی بەعس بۆ خزمەتی شۆڕشی دژ بە ئێران دەیکرد، بە جۆرێک وەک بە دەرەوەی عێراق بڵێت کورد و تەواوی نەتەوەکان دژ بە ئێران دەجەنگن و پاڵپشتن بۆ بەعس" (قەرەداخی ٢٠٢٢) هەر لە درێژەی ئەم باسەدا م. خالید باس لەوە دەکات لە ساڵی ١٩٨٢ داواین لێکردون بۆ سرودێک دژ بە شۆرش بەڵام وەک ئەندامانی تیپی سلێمانی قبوڵیان نەکردوە و ئەوانیش دژایەتی زۆریان کردون، (سەرکار ٢٠٢٢)هەر وەها سەڵاح ڕەوف لە ساڵی ١٩٨٩ لەسەر ئەم هەڵویستانە بەند دەکرێت، هاوکات زۆرێک لە ئەندامانی تیپ پێشتر لە شاری سلێمانی دورخراونەتەوە. (ڕەووف ٢٠٢٢)

### ٣-٩ لاساییکردنەوە و داب و نەریت و داهێنان و ئازادی

سەرەڕای فشارەکانی ئابوری و سیاسی بۆ یەکپۆشی، هەمەچەشنیی بەردەوامە لەوانەیە سەپاندنی ڕەسمی سیستەمەکانی یەکخستنی هەردوک جەخت دەکاتەوە، و هانی هەمەچەشنی بەردەوام دەدات. لەوانەیە گۆڕان لە ئەنجامی جیاکردنەوە بێت و ڕێگری لێناکرێت هونەری خۆشنوسی چینی زۆر بە وریاییەوە و بە گۆڕانێکی کەمەوە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە ژاپۆن پراکتیزە کراوە. تەواوکاری لە فێرکردنی ئەم هونەرەدا پێویستی بەوەیە کە خوێندکار بە وردی لاسایی مۆدێلەکانی پێش خۆی بکاتەوە. هەروەک چۆن کارامەیی پەیتاپەیتا بە دەست دێت تەنانەت زۆر هەوڵەکان لە لاساییکردنەوەیەکی وریادا تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕون و ناتەبایی سیفەتە شەخسییەکانی قوتابیەکە بۆ مامۆستا دەردەخەن ڕەنگە ئەو هەمەچەشنییە وەک دەرخەری دەربڕینی تێڕوانینی هەر تاکێک بێت و تەعبیر لە ئەزمونەکانی خۆی بکات لایەنی سروشتی و ناتەواوە لە وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ ژینگەکەی. (Garfias 2004, ١٠٥)

ئەگەر سەرنجمان لەسەر کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی چڕبکەینەوە، وەک هەمو گروپەکان سەرەتای کارکردنیان، بە لاسای کردنەوەی کارەکانی پێش خۆیان دەستی پێکردوە. ساڵێک لە پێش دامەزراندی تیپی سلێمانی ئاهەنگێک بۆ نەخۆشخانەیەک ساز دەکرێت، کە تێیدا گۆرانی هیندی و عەرەبی تێدا وتراوە، ئەمە وەک ئەزمونگەریەکی سەرەتابوە. تا دەگەنە هەوڵی دواتر کە بەرەو داهێنان و جیاکاری لە شێوازی کاریان هەنگاویان ناوە. (سەرکار ٢٠٢٢)

بونی بیرۆکەیەکی نوێگەری لەگەشەی موزیکی کوردیدا دوابەدوای ئەوە دەردەکەوێت، کە تیپی سلێمانی کاری دوبارە ئامادەکردنی گۆرانییە باوەکانی دەکرد، کە فۆلکۆر بون، پاشان وردەوردە بەرەو ئەوە هەنگاوی ناوە، کە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دوبارە دابەشبکات و کەمێک دەستکاریدەکرێن. )عیسا ٢٠٢٢( لە موزیکیدا بکرێت بە نمونە گۆرانی (١ ئۆخەی بوک مریەم - عەبدولقادر حەسەن میلۆدی فۆلکلۆر – دابەش کردن خالید سەرکار، ٢ هەی دەنوی و دەنوی - عەباس موحەمەد میلۆدی فۆلکلۆر - ٣ دیسان بارانە – حسن گەرمیانی میلۆدی فۆلکلۆر دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی ٤ هەی لێ لێ – پەیمان عومەر فۆلکلۆریی بادینان دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی). ئەمانە و چەند نمونەیەکن، پاشان گۆرانی داندراو کاری سەرەکی تیپەکە دەبێت، تازە و نوێبو بۆ موزیکی کوردی کورد میلۆدی و هۆراوەکان لە بەرگی فۆلکلۆر دەردەچن وەک:

٣-٩-١ هۆ برای کاروانچی - ئەسعەد قەرەداغی میلۆدی و دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی هۆنراوەی دڵشاد مەریوانی و شیخ ڕەوف بەرزنجی.

٣-٩-٢ شێوەی شیرینت بۆتە ئاواتم – حەسەن گەرمیانی – هۆنراوە شەونم عەبدول عەزیز - میلۆدی و موزیک ئەنوەر قەرەداغی.

٣-٩-٣ بۆنی ڕۆحتم کردوە - عوسمان عەلی – میلۆدی (سەلاح ڕەوف) دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی.

٣-٩-٤ چاوەڕوانی- ئەسعەد قەرەداغی میلۆدی و ئاوازی دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی هۆنراوە ئەحمەد حەسەن.

٣-٩-٥ هاتنی بەیانی – ئەسعەدە قەرەداغی هۆنراوەی فەرەیدون بەرزنجی میلۆدی و دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی.

٣-٩-٦ ئێوارەی پایز – حەسەن گەرمیانی میلۆدی و موزیک خالید سەرکار.

٣-٩-٧ فریشتەی مۆسیقا هۆنراوە گۆران– ئەسعەدە قەرەداغی هۆنراوە میلۆدی دابەش کردنی سەلاح ڕەوف.

٣-٩-٨ دۆستی دێرین عوسمان عەلی- هۆنراوە ڕەزا هەمە میلۆدی (کەریم کابان).

تەواوی ئەم بەرهەمانە لە کۆتای ساڵانی ١٩٨٨ بۆ ١٩٨٩ داندراون. (قەرەداخی، ٢٠٢٢).

سەرجەم بەرهەمەکانی تیپی مۆسقای سلێمانی هەوڵیکن بۆ نوێگەری. لە پاڵ ئەوەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەرچاوی لە شێوازی باو دروست کردوە. هەر وەک کۆتا بەرهەمی ١٩٨٩ زۆرێک لە بەرهەمەکان تەواوی

کارەکانی بۆ ئامادەکراوە، لە ڕوی موزک و میلۆدیەوە، کە ئەمە پێمان دەڵێت ڕۆڵی گەشەی موزیکی کوردی بە ئاڕاستەی داهینان و گەشەسەندنا ڕۆیشتوە بە جۆرێک ڕەوشی ئەدەبی خواستێکی نوێی تێدا هاتوەتە ئارا، بۆ نمونە گۆرانی هاتنی بەیانی کە گۆنراوەکەی بە تایبەت بۆ نوسروە لە لایەن د. فەرەیدون بەرزنجی (بەرزنجی ۲۰۲۱) کە دەکرێت وەک دەسپێکی خواستی میلۆدی بۆ گۆرانی دانبندێت.

**دەرئەنجام**:

١– ئەزمونی چەند ساڵی تیپی مۆسیقای سلێمانی لەژێر کاریگەری کلتوریدا بوە لە سەرەتدا.

٢ –لە ناوەڕاستی سالآنی ١٩٨٠ ڕەوشێکی نوێ لەو ئاڕاستەیە هونەری هاتەر ئارا، کە کۆکراوەی پاشخانی سالآنی دەیەی ٧٠کان بون.

٣–سەرەڕای فاکتەر و هێزێکی سیاسی تیپی مۆسیقای سلێمانی ئاڕاستەی هونەری خۆی بەردەوام بو، کە ئەو فشارە ڕامیارییە هۆکار بون بۆ گۆڕان و داهێنان.

٤ –لە هەندێ لە فشارەکان توانی وەک تیپ خۆی دەرباز بکات، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوە هۆکاری دروستبونی چەندین گروپی موزیکی.

٥ –تیپی سلێمانی دەکرێت ببێتە پردێک لە نێوان موزیکی نەریتی (کلاسیک)ی کوردی کە زۆرینەی میلۆدی و هۆنراوەکان فۆلکلۆرن، بەلآم تیپی مۆسیقای سلێمانی هەنگاوی بەرچاوی هەبو لە گۆڕینی گۆرانی داندراو لە ڕوی میلۆدی و ئاوازی داندراو.

٦ ناساندنی موزیک و گۆرانی بە گوێگر، کە پێشتر لەگەڵ شانۆگەریەکاندا موزیک پێشکەشدەکرا.

**ڕاسپاردە**

بەمەبەستی زیاتر بەرەو پێشچونی ڕەوشی هونەری موزیک گرنگە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار و پسپۆڕان بخاتەڕو، بە تایبەت بۆ وەزارەتی پەروەردە و کۆلێژ و بەرێوەبەرایەتییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان.

**ڕاسپاردەی گشتی**

١ ئەرشیفکرندنی تەواوی ئەو بەرهەمانەی تیپی سلێمانی بەشێوازێکی دیجیتاڵی تا لەفەوتان ڕزگاربکرێت.

٢ دانان و ناســـــاندنی ئەم تیپە و تیپە موزیکیەکانیتر لە ناو پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان وەک بەشێک لە مێژوی میوزیکی کوردی.

٣ گرنگە بەردەوام ئەزمونی ســـــەرجەم تیپ و گروپە میوزیکییەکانی کوردســـــتان بە نەوەکانی داهاتو بناسرێندرێن لە ڕێگەی مێتۆدی خوێندن و پرۆگرامی ڕاگەیەندنەکانەوە.

**ڕاسپاردە بۆ توێژەران**

١ ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنە لەسەر تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆ قوڵبونەوە لەسەر زۆر لایەنی تری کاریگەرییەکانی ئەم تیپە لەسەر ڕەوتی میوزیک لە کوردستاندا.

٢ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی دەربارەی ســـــەرجەم گروپ و تیپە هونەرییەکان وەک بەشـــێک لە گەشەی ڕەوتی میوزیک لە کوردستاندا.

٣ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی دەربارەی فۆرمە میوزیکییە بەکارهاتوەکان لە نێو بەرهەمی کوردیدا و شێوازی مامەڵەی گروپ و تیپە میوزیکییەکان لەگەڵیدا .

## پێشنیار

توێژەر بە گرنگی دەزانێت چەند ناونیشانێکی نزیک لەم ناونیشانە (ڕۆڵی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە گەشەی موزیکی کوردیدا) پێشنیار بکات، بۆئەوەی توێژەران لە ئایندەدا بتوانن سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، کە نزیک بێت، لە ناوەندەکانی خوێندن و کولیژ و پەیمانگا، ناونیشانەکانیش بریتین لە:

- ڕۆڵ و گرنگی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە و کاریگەری لەسەر کۆمەڵی کوردی بەشێوەیەکی گشتی.
- مێژوی موزیکی کوردی و نوسینەوەی گۆرانی و نۆتەکانی موزیک تێیدا.
- ئاوڕدانەوەیەک لە ناساندنی تیپەکانی، کە لە کوردستان بونی هەبوە تۆمارکردنی مێژو و کاریگەرییان.
- دروست کردنی بیبلۆگرافیا بۆ سەرجەم گۆرانیە کوردییەکان کە لە فەوتان و نەمانی ڕزگاریدەکات و دەکرێت بکرێت بە بەڵگەی نوسراو، کە سودێکی گەورەی دەبێت بۆ ناوەندکانی توێژینەوە و بڵاوکراوەکان.

# The Culture impact of the change process on the direction of the work of the Sulaimani Band

Daroon Noori Omar[1] - Ehsan Zalzala[2]- Dilshad Mustafa Raheem[3]
[1]Music Department, College of Fine Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Music Department, the College of Fine Arts, Baghdad University, Baghdad, Iraq.
[3]Department of Filmmaking, School of Fine, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The process of change in music depends on several influences, which can vary in the form and path of change due to differences and cultures. In this study, we will focus on some aspects of change that affect the situation of music and change the direction of music in the selection and determination of music. Some of these changes may be related to the internal culture and others may be related to the external culture itself, and of course many of these appear to be the path of innovation. The Sulaimani Music Band has made serious efforts in this field both inside and outside Sulaimani and their efforts can be analyzed appropriately in academic field. . This study is an attempt to explore these changes in terms of media and political power and opening of culture to the surrounding cities and the extent of the impact of these changes and how much change they have created and become a favorable environment for change and innovation in music.

**Keyword** : Music - Change – Influence- Sulaymaniyah Music Team.

**سەرچاوەکان**


Americ, Recording Industry Association of .1996 .*RIAA* .Chigaco.

Arnold, Matthew) .February 26, 1993 .*Culture and Anarchy* .Stefan Collini . county town in Cambridgeshire: Cambridge University Press; n edition

Garfias, Robert .2004 .*Music: the Cultural Context* .Osaka: National Museum of Ethnology, Osaka.

Merriam, Alan .1967 .*Ethnomusicology of the Flathead Indians* .Chicago : Aldine Publishing Company, 1967.

Murasaki, Shikibu, Lady .1960 .,*The Tale of Genji* : .Arthur Waley .New York: New York: Random House.

Redfield, MELVILLE J. HERSKOVI and Ralph Linton and Robert .1936 .*Memorandum for the Study of Acculturation,"American anthropologist* .Chicago: UNIVERSITY OF BUDAPEST.

William, Dressler .W . 2017 .*Culture and the Individual: Theory and Method of Cultural Consonance* ..by . P34 .Routledge.

مصطفى، شاكر. 1981. *قاموس لأنثروبولوجيا*. الكويت: جامعة الكويت.

صابر، محيي الدين. ٢٠١٣ . *التغير الحضاري وتنمية المجتمع*. بيروت: المكتبة العصرية.

عادل، شهيب. ٢٠١٠. *الثقافةوالهوية (إشكاليةالمفاهيم والعلاقة)*. الجزائر: جامعة جيجل.

محەمەد، د.کامەران. ٢٠٢٠. *ڕەنگدانەوەی کلتور*. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

ئەنوەر قەرەداخی ، *شاکار*، چاوپێکەوتن، گفتوگۆ؛ دلێر ئیبراهیم- بەشی یەکەم- بەهاری ٢٠٠٤ ل ٥٨-٥٩.

سەعید، فایەق، *حەوت ڕۆژ لەگەڵ قەرەداخیدا*، سلێمانی: دەزگاو چاپ و پەخشی سەردەم٢٠٠٢ز

بەرزنجی، فەرەیدون. ٢٠٢١. *هۆنراوەی گۆرانی* (١٤ ٩).

ڕەوف، سەلاح. ٢٠٢٢. *ئەزمونی کارکردنی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی* (٢١ ٥).

سابیر، نزار. ٢٠٢٢. *ناسۆنالیزمی گۆرانی کوردی* (٦ ٣).

عیسا، ئەلبێرت. ٢٠٢٢. *شێوازی کارکردنی تیپی مۆسیقای سلێمانی* (٩ ٣).

قەرەداخی، ئەنوەر. ٢٠٢٢. سلێمانی, (٣٠ ١).

سەرکار، خالید. ٢٠٢٢. *جۆرەکانی کارکردنی تیپی مۆسقای سلیمانی* (٢٦ ٢).

## پەراوێزەکان

[١] ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە توێژینەوەیەک، ڕۆڵی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە گەشەشی موزیکی کوردیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٩٢. هەر لەبەرئەوەی باسی گەشە دەکەین دەبێت ئەو جیاوازیە لەبەرچاوبگرین کە گەشەکردن لەسەر بابەتێک دەبێت کە سەرەتای هەیە و چەند ئەزمونێکی تێپەڕاندوە و هەوڵی فراوان بون و گەشەپیدانی دەکات بە بەراورد بە کارەکانی سەرەتای خودی تیپیەکە، و کارەکانی پێشتر کە لەلایەن تیپەکەوە کراوە. هەروەها سنوری توێژینەوەکە لەلایەن لیژنەی پسپۆر بە گفتوگۆی ناونیسانی توێژینەوەکە دیاریکراو.

٢ هیندییە فلاتهێدەکانی خێڵێکن لە ڕۆژئاوای مۆنتانای ئەمریکا (ژمارەیان کەمێک زیاتر لە ٢٦ هەزار کەس لە سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٠) لە ناوچەیەکی زەوتکراودا دەژین کە پێکهاتوە لە ٦٣٢،٥١٦ دۆنم زەوی لە دۆڵی جۆکۆ و فلاتهێد و وڵاتی کاماس پرێری، کە بە نزیکەیی لە نێوان ئیڤارۆ و کالیسپێل، مۆنتانای ئەمریکادایە. زەوییە زەوتکراوەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیای میشن، لە ڕۆژئاوا بە دارستانی نیشتمانی کابینە، لە باشورەوە بە دارستانی نیشتمانی لۆلۆ و لە باکورەوە بە هێڵێکی ئارەزومەندانە سنوردارە، کە بە نزیکەیی دەریاچەی فلاتهێد نزیکەی بیست و چوار میل لە باشوری کالیسپێل. ناوچەکە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچە کشتوکاڵییەکانی مۆنتانای ئەمریکا. فلاتهێدەکان سەرقاڵی کۆگاکردن و داربڕین و کارگە کشتوکاڵییە جۆراوجۆرەکانن. بۆ فلاتهێدەکان گرنگترین سەرچاوەی تاکە ڕاستی سەبارەت بە مۆسیقا و پەیوەندییەکە بە کۆی جیهانەوە سەرچاوەیەی لە سروشتیدایە. هەمو گۆرانییە دەگرێنەوە بۆ سروشت و بەسەرچاوی دروستە ناوی دەبەن، بە تایبەتی لە ڕابردودا، سەرچاوەی خۆیان دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندین پەیوەندیی جۆراوجۆر کە مرۆڤەکان لەگەڵ بونەوەرەکاندا وە ئەزمونی دەکەن کە هەرچەندە بەشێکن لەم جیهانە، بەڵام لە سەرو مرۆڤن و سەرچاوەی دەسەڵات و لێهاتویی تاکەکەسی و خێڵەکین. بەم شێوەیە جیاوازییەکی زۆر لەلایەن فلاتهێدەکانەوە لە نێوان ئەوەی کە پێی دەڵێن "ڕوکەش" و هەمو گۆرانییەکانی دیکە دەکرێت. کارە پێشەنگەکانی مێریام لە پەیوەندییەکانی ئێتنۆگرافی و مۆسیقازانیدا تا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی لەم بوارەدا لە ئەنترۆپۆلۆژیدا ماوەتەوە بەردەوام.

[٣] (شنەی هەواران )– ناسر ڕەزازی م فۆلکلۆر– دابەشکردنی ئەنوەر قەرەداغی ئامادەکردنی خالید سەرکار( ئەرشیف– ئەنوەر قەرەدغی)